# مافی مرۆڤ و تولەرانس

نادر فەتحی (شوانە)

ڕەشەمەی ٢٧١١ی کوردی

www.rojhalat.de / www.bokan.de / www.mukerian.com

شاعیری بەناوبانگی ئاڵمانی (Goethe) گووتە دەڵێ: *"ئەگەر دەوڵەمەند نیت، گرنگ نییە، زۆربەی خەڵک دەوڵەمەند نین. ئەگەر سڵامەتیت تەواو نییە، گرنگ نییە، چونکە کەسانێك هەن لەگەڵ ئیفلیجی و نەخۆشیی زۆر چەتوون دا دەژین. ئەگەر روخساری جوانت نییە هیچ کێشەیەك نییە، چونکە لەگەڵ ناحەزانیش هەڵس و کەوت دەکرێ. ئەگەر تەمەنت چۆتە سەری، کێشە نییە، ئەوە بارودۆخێکە کە هەموو کەسێك تووشی دەبێ. ئەگەر خوێندنی باڵات نییە، قەیدی ناکات، چونکە هەر بە کەمە سەوادێکیش دەکرێ بژیت. ئەگەر هێزی سیاسی و مەقامت لە کۆمەڵگادا نییە، ئەویش گرنگ نییە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە مرۆڤ هێزی سیاسی و مەقامی باڵایان هەیە. بەڵام ئەگەر لێهاتوویی ڕێز و ئیحترامدانانت بۆ مرۆڤەکانی تر نییە، بڕۆ بمرە لەبەر ئەوەی هیچ شتێکت نییە!"*

ئەو ڕێگایەی مرۆڤ بەرەو لێکحاڵی بوون لە ژیانی بە ئازادیی، مافی مرۆڤ و بەگشتی گەییشتن بە تۆلەرانس، واتە سەبووری و خۆڕاگری و ڕێزلێنان لە هەنبەر بیر و بۆچوونی خەڵکانی تری کۆمەڵگا، پێواویەتی، زۆر ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕ لە چەڵەمە بووە. وشەی مافی مرۆڤ لە جیهاندا یاسایەکی گشتییە و کەم تا زۆر لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ.

سەرەڕای ئەوانەش گەلێك پرسیاری گرنگ هەن کە بۆ پتەوکردن و زیاتر بە ڕاستەقینەکردنی مافی مرۆڤ، باس لێکردنیان سەرنج ڕاکێشن. خاڵێکی گرنگ و تایبەتی مافی مرۆڤ وشەی تۆلەرانسە. بە داخەوە وشەی تولەرانس بە شێوەی پڕبە پێستی خۆی لە لایەن ڕوانگاکانی

یاسایی، ئایینی، سیاسی و پەروەردەوە هێشتا بە باشی شی نەکراوەتەوە. بەتایبەت ئەو وشەیە لە بواری پەروەردەدا دەبێ زۆر بە شەفافی و روونیی شی بکرێتەوە. هاوکات لەگەڵ ژیانی ئاسایی مرۆڤ، تولەرانس دەتوانی کاریگەرییەکی یەکجار زۆر لەسەر هەڵس و کەوت و ژیانی هاوبەشی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر دابنێت.

پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە وشەی تولەرانس لە روانگەی پەروەردەوە، تایبەتمەندییەکی چارەنووس سازیان لە ژیانی راستەقینەی مرۆڤدا هەیە:

- تولەرانس چییە و چەشنەکانی تولەرانس کامانن؟
- بەری دیالۆگەکان چەندە تولەرانسیان لەهەنبەر یەکدا هەیە؟
- سنوورەکانی تولەرانس تا کوێن؟
- ئایا تولەرانس بەڕێوە دەچێ؟ ئەگەر ئا، چلۆن بەڕێوە دەچێ؟

ئەو پرسیارانە بۆیە گرنگایەتییان هەیە، چونکە لە دیالۆگدا دیاری دەکەن کە مرۆڤ لە چ روانگەیەکەوە سەیری ئەم جیهانە دەکات و هەروەها بۆ ئەوەی ئێمە بە تەیاربوون بە حەوسەلە و تولەرانسەوە، گوێگری بۆچوونەکانیتر بین و رێزیان بۆ دابنێین. هەوڵدان لە تێگەیشتن و گوێڕاگریی لە بۆچوونەکانیتری کۆمەڵگا بۆ دیالۆگێکی راستەقینە، بارودۆخێك لە ژیانی مرۆڤدا دەکاتەوە کە بە بێ گومان بەرەو گەشەسەندنی هەڵس و کەوتی ئەرێنی رێنوێنی دەکات. بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا نابێ تولەرانس بە کەم تەرخەمیەوە سەیر بکرێ.

دیالۆگی راستەقینە ناچار بەو خاڵانەی خوارەوەمان دەکات:

- لە دیالۆگدا لایەنی دیالۆگەکە وەك هەڤاڵ سەیر بکرێ نەك وەك دژبەر.
- لە دیالۆگدا دەبێ بە ڕاشکاوی دیاری بکرێ ئێمە کێین، چ مان دەوێ، بیر و باوەڕمان چییە و هەست بە چی دەکەین.
- لایەنی دیالۆگەکە بە هەر بۆچوونێك کە هەیەتی، بەو شێوەیەی خۆی پیشان دەدا، وەریبگرین. هەوڵ نەدەین وێنەیەك لەو، لای

خۆمان دروست بكەین یا هەوڵی مانیپۆلاتسیۆن (دەستتێوەردان)ی بدەین.

- شەرت نییە ئەو بۆچوونەی ئەو باوەڕی پێی هەیە ئێمەش بە باشی بزانین، بەڵام دەكرێ ئەو شتانەی ئەو دەیڵێ یا هەستی پێ دەكات، گوێڕاگری بین و ڕێزیان بۆ دابنێین.
- لە دیالۆگێكی ڕاستەقینەدا هەركام لە لایەنەكان دەبێ بە بێ كەمڕوویی و بێ ترس لەسەر بیروبۆچوونەكەیان بدوێن.
- ئەوە زۆر گرنگە مرۆڤ بە تێڕادیوی و بە بێ شك، بۆچوونی خۆی لەسەر تەوەرێك دەرببڕێ.
- لە دیالۆگی ڕاستەقینەدا بە تایبەت لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا، هەركام لە بیروبۆچوونەكان گرنگن و دەبێ باسیان لەسەر بكرێ چونكە هەر وەك دەزانین بۆ ڕێگاچارەدۆزینەوەی كێشەكانی كۆمەڵگایەكی دیموكراتیك، هەرچەند ئاڵترناتیو زیاتر بن، ئەزموونەكەی باشترە.
- لە دیالۆگی ڕاستەقینەدا نابێ لایەنێك هونەری رتۆریك(بێژەر)ی و چەشنی دوان و گوتەكانی خۆی بەسەر لایەنەكانیتردا بسەپێنێ، یاخود بە زانست و هونەری قسەباشكردنی خۆی بنازێ، چونكە ئەو هەڵس و كەوتانە تەنیا فەزای دیالۆگەكە دەشێوێنن و دەبنە هۆی تێكچوونی باسەكە.
- لە دیالۆگی ڕاستەقینەدا مەبەست ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكانە و دەبێ گرنگایەتی بە فاكت و ڕاستەقینەكانی ناو كۆمەڵگا لە عەمەلدا بدرێ.

ئەگەر لایەنەكانی دیالۆگ لە ناخی دڵەوە و بە مەبەستی ڕێگاچارە دۆزینەوە بۆ كێشەكانی كۆمەڵگا قۆڵیان هەڵماڵن و بە حەوسەلە ڕێز بۆ بۆچوونەكانی یەكتر دابنێن، بێ شەك لە لایەكەوە كارلێكەری ئەرێنی لەسەر بەشدارانی كۆمەڵگا دەبێت و لە لایەكیتریشەوە زۆر

زووتر بە مەبەستەکەیان واتە گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا دەگەن.

ئایین بەگشتی و دنیای ئەوڕۆی ئیسلامی بە تایبەت، جیاوازیەك لە مابەین ژیانی سروشتی مرۆڤ و باوەڕی کەسی دا نابینن؛ بەپێچەوانە، ئەو دوو هێزە بەیەك دەزانن و لە روانگەی ئەوانەوە دەسەڵاتداریی وڵاتێکی ئایینی (بە مانای "ئایین و سیاسەت")، بە دووقۆڵی لێکدەدرێتەوە و جیابوونەوەیان بە نامومکین دەزانێ. دیارە ئەو ویستەیان لە لایەن بەشێکی بەرچاوی بەشدارانی کۆمەڵگاوە کە باوەڕی ئایینی خۆیان لە سەرەوەی هەمووشتێکیتر دادەنێن، پشتیوانی دەکرێ. ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی لەبەرچاو نەگرتن و رێز دانەنان لە بۆچوونەکانی دیکەی کۆمەڵگا. واتە بەو کارە سیستەمێکی دیکتاتۆری پێك دێنن کە بەشێك لە کۆمەڵگا دەخرێتە ژێر زەخت و مافی ژیانیان لێ زەوت دەکرێ و ناچار بە ژیانێك دەکرێن کە جیا لە مەیل و بیر و بۆچوونیانە. کە وابوو، بەو بۆچوونە وڵاتێکی ئایینی ناتوانێ و لە توانابیدا نییە مافی مرۆڤ بە فەرمی بناسێ و بەڕێوەی بەرێت.

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بۆ ژیانی باشتر و مافی بەرانبەر هەوڵی داوە. سێ هەزار ساڵ بەر لە زایین یەك لە کۆنترین نووسراوەکان بە ناوی(Codex Ur-Nammu) بە زمانی سۆمێری دۆزراوەتەوە کە هەموو مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگا بە مافی بەرانبەر سەیر دەکات. شەشسەد ساڵ بەر لە زایین نووسراوەیەک بە زمانی بابیلۆنی دۆزراوەتەوە کە باس لەسەر یەکبوون و بەرانبەری ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا دەکات. لە ساڵی ١٢١٥ ی زایینی رێک کەوتێك بە ناوی (Magna Carta) لە مابەین شۆڕشگێڕانی ئینگلیزی و پاشای ئەوکاتە دا مۆر کرا کە ئازادی و مافەکانی ئەشرافی ئەوکاتی ئینگلیز لە بەرانبەر شا دا دیاری دەکات. ساڵی ١٥٢٥ نووسراوەیەکی دوازدە خاڵی لەسەر مافی مرۆڤ لە Memmingen ی ئاڵمان بۆ یەکەمجار لە ئورووپا بڵاوکرایەوە. بەدوای ئەودا بەردەوام لە وڵاتانی جیهان بۆ بە فەرمیکردنی مافی مرۆڤ هەوڵی جیددی دراوە وەك: ساڵەکانی ١٦٢٨، ١٦٧٩، ١٦٨٩ ، ١٧٧٦لە ئینگلیز

، ١٧٧٦ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ١٧٨٩ ، ١٧٩١لە فەرانسە، ١٧٩٤ لە ئاڵمان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤی جیهان لە هەموو بوارەکانی ژیان وەك سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی و ... ٣٠ خاڵیان لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە نووسراوەیەکدا لە لایەن نوێنەرانی نەتەوەکانی جیهان لە "UN" بڵاوکردەوە. هەروەها لە رۆژی چواری نوامبری ١٩٥٠ لە شاری رۆم ی ئیتالیا لەسەر مافی مرۆڤی ئوورووپا نووسراوە بڵاو بۆتەوە و ... هتد.

بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە یەك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ، تولەرانت بوونی تاك تاکی ئێمەی مرۆڤە. تا ئەو کاتەی هەموو مرۆڤی ناو کۆمەڵگا بە دیاردەی تولەرانس تەیار نەبن، بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ زۆر چەتوون دەبێ.

وشەی تولورانس وشەیەکی لاتینییە و لە کۆندا بە مانای تەحەمول کردن، خۆخواردنەوە، خۆراگری و قەبووڵکردن هاتووە. بەڵام زیاتر وشەکە بە مانای رێزلێنان لە کەسانیترە، ئەگەرچی بیر و بۆچوونەکانیش وەك یەك نەبن. دەبێ ئەوەش بزانین کە تولەرانسیش سنووری خۆی هەیە و نابێ لەو سنوورە تێپەڕ بێت. بۆ وێنە: مرۆڤ نابێ لە کۆمەڵگاداهێندە ئازاد بێ کە ئازادی کۆمەڵگای پێ خەوشدار بکرێ! یاخود دەتوانین بڵێین ئازادی تاك ئەو کاتە کۆتایی پێدێ کە ئازادی کەسانیتر بکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

خەمساردی و سەبر و حەوسەلە، ساکارترین فۆڕمی تولەرانسە. تولەرانس نیشاندەری ئەو لێهاتووییەیە کە بەگشتی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی تر وەك: نەتەوە، ئایین، رەنگی پێست، جنسییەت، بۆچوون، خوو و خدە و.. بە هاوتا دەزانێ و بە بێ جیاوازی رێز لە هەموویان دەگرێت. ئەگەر لە چاوی مێژووەوە سەیری وشەی تولەرانس بکەین، سیاسەت و ئایین گرنگترین لایەنی تولەرانسن. بەداخەوە بە درێژایی مێژوو ئایین نەتەنیا هیچ تولەرانسێکی سەبارەت بە بۆچوونەکانیتری کۆمەڵگا نیشان نەداوە بەڵکوو بە تەواوی هێز و توانایەوە هەوڵی لەناوبردنیانی داوە.

ئەو ماددانەی خوارەوە  کە سەبارەت بە ناوەڕۆکی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەیە و ساڵی    ١٩٤٨ ڕاگەێیندراوە لە ماڵپەڕی "کچی قەندیل" وەرم گرتووە.

ئەوەش ئادرەسەکەی: http://kiciqendil.com

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٤٨ کە ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی خستە ناو ریزی کارنامەی کاری خۆیەوە و بڕیاری لەسەر دا. دوای ئەو پێشهاتە مێژووییە، ئەو ڕێکخراوەیە داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندام کرد دەقی بەیاننامەکە چڕ وپڕ و بەبێ دەستکاری بڵاو بکەنەوە، هەروەها بە بڵاوکردن، خوێندنەوە و لێکدانەوەی، دەقەکە لە ناو هاووڵاتییاندا بڵاو بکرێتەوە تا وشیاریی تەواویان هەبێ.

ڕاگەیەنراوی مافەکانی مرۆڤ لە ٣٠ بەشی سەرکی پێک هاتووە.

ناوەرۆکی ڕاگەیەنراوی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان:

نەتەوە یەکگرتووەکان پاش دامەزرانی خۆی، بە لەبەر چاوگرتنی کارەساتەکانی فاشیسم و شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، پێداچوونەوی ڕاگەیانراو و جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤی خستە ناو ریزی کارەکانی خۆیەوە. کۆمیتەیەکی پێکهاتوو لە پسپۆڕانی جۆراوجۆر بە سەرۆکایەتیی ئێلیانۆر رووزوێلت، بەڵگەنامەیەکیان ساز کرد کە تێیدا ماڤگەلێک کە هەر مرۆڤێک لە هەر شۆێنێکی جیهان دەبێ هەیبێ تۆمار کرابوو. ئەو دەقە بە ڕەسمی بەهەموو خەڵکی جیهان ڕاگەیەنرا. ئەو نووسراوە هەمان ڕاگەیەنراوی جیهانیی ئێستەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

لێرەدا کورتەیەک لە خاڵەکانی ئەو دەقە یاسایی و مرۆڤییە باس دەکەین:

## دەقی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ بە کوردی:

### ماددەی ١

هەموو مرۆڤەكان بە ئازادی لە دایك بوون و لە باری ئابڕوو و كەرامەت و مافەكانیانەوە لەگەڵ یەك بەرابەرن . هەموویان خاوەنی عەقل و ویژدانن و دەبێ بە گیانێكی برایانە لەگەڵ یەكدا بجووڵێنەوە.

**ماددەی ٢**

هەر كەس دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێك بەتایبەتی لە باری ڕەگەز، ڕەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕایەكی دیكەوە، هەروەها بێ وەبەرچاو گیرانی ڕەچەڵەكی نەتەوەیی یا كۆمەڵایەتی، دارایی و سامان، چونیەتیی لە دایكبوون یا هەر بارودۆخێكی دیكەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ كە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون. هەروەها نابێ هیچ چەشنە فەرق و جیاوازییەك لەسەر بناغەی وەزعی سیاسی، قەزایی یا نێونەتەوەیی وڵاتێك یا سەرزەوییەك كە مرۆڤێك پێیەوە بەستراوەتەوە، ڕەچاو بكرێ. چ ئەو وڵات یا سەرزەوییە سەربەخۆ بێ، چ سەر بە وڵاتێكی دیكە یا خودموختار بێ، یا دەسەڵاتدارەتییەكەی بە جۆرێك بەرتەسك كرابێتەوە.

**ماددەی ٣**

هەر مرۆڤێك مافی ژیان، ئازادی و ئەمنییەتی تایبەتی خۆی هەیە.

**ماددەی ٤**

هیچ مرۆڤێك نابێ بكرێتە كۆیلە و، كڕین و فرۆشتنی كۆیلەكان بە هەر شێوەیەك بێ، پێشی پێ دەگیرێ.

**ماددەی ٥**

هیچ کەس نابێ ئەشکەنجە بدرێ یا بکەوێتە بەر ڕەفتارو سزای زۆردارانە و دژی ئینسانی و، سووکایەتیی پێ بکرێ.

**ماددەی ٦**

هەر مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە کەسایەتییە حوقووقییەکەی لە هەموو جێیەك بە ڕەسمی بناسرێ.

**ماددەی ٧**

ئینسانەکان لە بەرامبەر قانوون دا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازیدانانێك لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەموویان مافی ئەوەیان هەیە لە بەرامبەر هەر جیاوازیدانانێکدا کە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە پێشێل بکا و، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو جیاوازیدانانە بەڕێوە بچێ، وەك یەك لە لایەن قانوونەوە پشتیوانییان لێ بکرێ.

**ماددەی ٨**

لەبەرامبەر ئەو کردەوانەدا کە مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ئەو مافانە بەهۆی قانوونی بنەرەتی یا هەر قانوونێکی دیکەوە دانیان پێدانراوە، هەر کەس مافی هانا بردن بۆ دادگا نەتەوەییە بڕوا پێکراوەکانو داواکردنی پێراگەیشتنی کاریگەر بە سکاڵاکەی هەیە.

ماددەی ٩

هیچ کەس نابێ لە خۆوە بگیرێ، زیندانی بکرێو یا دوور بخرێتەوە. هیچ کەس نابی سەرەرویانە دەستبەسەر، زیندانی یان شاربەدەر بکریت.

**ماددەی ١٠**

هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لەو پەڕی بەرابەری لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە دادگایەکی سەربەخۆ، بێ لایەن، بە ئینساف و ئاشکرادا بەکێشە و سکاڵاکەی رابگەن و دادگایەکی ئەوتۆ دەبێ لە بارەی مافەکان و پێویستییەکانی و یا هەر تاوانێك کە پێی تاوانبار کراوە، بڕیار بدا.

**ماددەی ١١**

هەر کەسێك بە هەر تاوانێك تاوانبار کرابێ، هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی ئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویست بۆ داکۆکی لە خۆ کردنی ئەو دابین کراون، تاوانبار بوونی وی بەشێوەیەکی قانوونی دەرنەکەوتوە، بە بێ تاوان دەژمێردرێ.

هیچ کەسێك سەبارەت بە جێبەجێکردنی کارێك یا ئەنجام نەدانی کارێك کە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە گوێرەی مافە نەتەوەیی یا نێونەتەوەییەکان بە تاوان نەناسراوە، مەحکووم ناکرێ. هەروەها هیچ کەسێك نابێ بە سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاری کراوە، مەحکووم بکرێ.

**ماددەی ١٢**

هەر چەشنە خۆتێهەڵقوتاندنی لە خۆوە لە ژیانی تایبەتی، کار و باری بنەماڵەیی، ماڵ و شوێنی مانەوە و نامە نووسینی مرۆڤەکاندا، هەروەها هەر کار و کردەوەیەك کە زیان بە شەرەف، ناموس، ئابڕوو و ناوبانگی کەسێك بگەیەنێ، مەحکوومە. لە بەرامبەر ئەو جۆرە خۆتێهەڵقوتاندن و هێرشانەدا، مافی هەر مرۆڤێکە کە لە لایەن قانوونەوە پشتی بگیرێ.

**ماددەی ١٣**

١ . هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە نێو هەر وڵاتێکدا ئازادانە هاتوچۆ بکا و بە ویستی خۆی شوێنی ژیان هەڵبژێرێ.

٢ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە هەر وڵاتێك بە وڵاتەكەی خۆشیی‌یەوە، بەجێ بێڵێ یا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

**ماددەی ١٤**

١ . لە بەرامبەر ئەشكەنجە و ئازاردران و ڕاوەدوونران، هەر كەس مافی ئەوەی هەیە بە شوێن پەناگەیەكدا بگەڕێ و پەنا بباتە بەر وڵاتێكی دیكە.

٢ . ئەو كاتانەی كەسێك سەبارەت بە تاوانی گشتی و ناسیاسی و بەهۆی كردەوەی نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ئامانج و ڕێوشوێنەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان دەكەوێتە بەر لێكۆڵینەوە و ڕادەدوونان، ناتوانێ لەم مافەی كەڵك وەربگرێ.

**ماددەی ١٥**

١ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە "تابعیت"ی (مافی هاونیشتمانەتی) پێ بدرێ.
٢ . هیچ كەس نابێ لە خۆوە لە مافی هاونیشتمانەتی یا لە مافی گۆڕینی هاونیشتمانەتی بێبەش بكرێ.

**ماددەی ١٦**

١ . هەر ژن و پیاوێك كە گەیشتنە تەمەنی خۆناسین (بالغ بوون)ەوە، مافی ئەوەیان هەیە بێ وەبەرچاو گرتنی هیچ سنوورێك لە باری ڕەگەز، نەتەوایەتی یا ئایینەوە ببنە ژن و مێرد و ژیانی هاوبەش پێك بێنن. لە تەواوی ماوەی ژن و مێردایەتی و هەروەها لە كاتی هەڵوەشاندنەوەیدا، ژن و پیاو لە كاروباری پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەشدا مافی بەرامبەریان هەیە.
٢ . پێكەوە نانی ژیانی هاوبەش دەبێ بە ڕەزامەندیی تەواوو ئازادانەی ژنو پیاو بێ.

٣ . بنەماڵە كۆڵەكەی سروشتی و بنەرەتیی كۆمەڵگەیە و دەبێ لە لایەن كۆمەڵگە و دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ بكرێ.

**ماددەی ١٧**

١ . هەر کەسێك بە تەنێ یا بە شێوەی بەکۆمەڵ مافی خاوەنەتی (مالکیت)ی هەیە.
٢ . هیچ کەسێك نابێ لە خۆوە لە مافی خاوەنەتی بێبەش بکرێ.

**ماددەی ١٨**

هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئازادیی بیرکردنەوە، ویژدان و دینی هەبێ. ئەم مافە پێویستی بە ئازادیی گۆڕینی دین یا بیرو باوەڕ و هەروەها ئازادیی دەربڕین و ئاشکرا کردنی بیروڕا لە چوارچێوەی فێر کردنی ئایینی، بە جێهێنانی ڕێوشوێنەکان و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینییەکان دا چ بە شێوەی تەنیا یا بە کۆمەڵ، چ بە شێوەی تایبەتی یا گشتیی هەیە.

**ماددەی ١٩**

هەر کەس مافی ئازادیی بیروڕا و دەربڕینی بیروڕای هەیە و ئەو مافەش پێویستی بەوە هەیە کە هیچ کەس لەوە کە بیروڕایەکی هەیە نەترسێ و نیگەران نەبێ و، لە وەدیهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچووندا، ئازادانە و بێ وەبەرچاو گرتنی تێبینییە سنوورییەکان، دەستی بە هەموو ئامرازێکی گونجاوی بیروڕا دەربڕین و بڵاوکردنەوە ڕابگا.

**ماددەی ٢٠**

١ . هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە لە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ئاشتیخوازانەدا ئازاد بێ.

٢ . هیچ کەس نابێ بە زۆر لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بکرێ.

**ماددەی ٢١**

١ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە راستەوخۆ یا لە رێگای نوێنەرانێك كە ئازادانە هەڵیان دەبژێرێ، لە بەڕێوەبردنی كاروباری گشتیی وڵاتی خۆیدا بەشدار بێ.

٢ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە لە هەلومەرجێكی وەك یەك لەگەڵ كەسانی دیكەدا، پیشە گشتییەكانی وڵاتی خۆی وەدەست بێنێ.

٣ . بڕیاری خەڵك، بناغەی دەسەڵاتی حكوومەتە. ئەو بڕیارە دەبێ لە هەڵبژاردنی بێ فێڵدا كە بە شێوەیەكی دەورەیی بەڕێوە دەچن، خۆی دەر بخا. هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێ، بەرابەری و یەكسانیی تێدا رەچاو بكرێ، بە دەنگی نهێنی بێ یا بە شێوەیەكی ئەوتۆ بەڕێوە بچێ كە ئازادیی دەنگدان دابین بكا.

**ماددەی ٢٢**

هەر كەسێك وەك ئەندامێكی كۆمەڵ، مافی ئەمنییەتی كۆمەڵایەتیی هەیە و بۆی هەیە بەهۆی یارمەتی و هاوكارییە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەكان، ئەو مافە ئابووری، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی بۆ پاراستنی ئابڕوو و كەرامەت و گەشە كردنی ئازادیی كەسیەتیی خۆی پێویستنی، بە سەرنجدان بە رێكخراوە و سەرچاوەكانی وڵات، وەدەستیان بێنێ.

**ماددەی ٢٣**

١ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە كار بكا، كاری خۆی بە ئازادی هەڵ بژێرێ، هەلومەرجێكی دادپەروەرانە و جێگای رەزامەندی بۆ كار تێدا كردن داوا بكا و لە بەرامبەر بێكاریدا پشتیوانیی لێ بكرێ.

٢ . هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ جیاوازیدانان لە بەرامبەر كاری وەك یەكدا، هەقدەستی وەك یەك وەربگرن.

٣ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە بۆ داكۆكی لە قازانج و بەرژەوەندەكانی خۆی لەگەڵ كەسانی دیكە یەكیەتی پێك بێنێ، یا بچێتە نێو ئەو یەكیەتییانە كە تێكۆشانیان هەیە.

**ماددەی ٢٤**

هەر كەس مافی حەسانەوە و پشوودان و كەڵكوەرگرتن لە سەرگەرمیی هەیە و بەتایبەتی دەبێ رێوشوێنە باشەكانی تایبەت بە سەعاتەكانی كار و مەرەخەسی و پشوو دیاریكراوەكانەوە، لە بارەیەوە بەڕێوە بچن.

**ماددەی ٢٥**

١ . هەر كەس مافی ئەوەی هەیە بە مەبەستی دابین كردنی سلامەتی و ئاسوودەیی خۆی و بنەماڵەكەی بەتایبەتی لە باری خواردن، جلوبەرگ، خانووبەرە، چاوەدێرییە پزیشكییەكان و خزمەتە كۆمەڵایەتییە پێویستەكانەوە، ئاستێكی باش لە ژیانی هەبێ. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لە كاتی بێكاری، نەخۆشی، نەقوستانی، بێوەژنی یا بێوە مێردی، پیری و، لە تەواوی ئەو حاڵەتانەدا كە بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، كەرەسە و ئامرازەكانی ژیان و بەڕێوەچوونی لە دەست دەر چوون، لە باری كۆمەڵایەتییەوە ژیانی دابین بكرێ.

٢ . دایكان‌و منداڵان مافی ئەوەیان هەیە یارمەتی‌و چاوەدێریی تایبەتییان بۆ تەرخان بكرێ. هەموو منداڵێك چ ئەوانەی بەرهەمی ژیانی هاوبەش بن، چ ئەوانەی بە بێ زەماوەندی رەسمی هاتوونە دنیا، مافی ئەوەیان هەیە وەك یەك لە باری كۆمەڵایەتییەوە پشتیوانییان لێ بكرێ.

**ماددەی ٢٦**

١ . هەر كەسێك مافی ئەوەی هەیە بخرێتە بەر خوێندن‌و پەروەردە بكرێ. پەروەردە و فێر كردن و لانی كەم خوێندنی سەرەتایی و بناغەیی، دەبێ بە خۆڕایی بێ. خوێندنی سەرەتایی ئیجبارییە. فێر كردنی فەننی و حیرفەیی دەبێ بكرێتە گشتی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی بەرز دەبێ بە یەكسانیی

تەواوە بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێ تا هەموو بتوانن بە گوێرەی مایە و توانای خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.

٢ . ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دەبێ پشکواندنی هەموو لایەنەی کەسایەتیی ئینسان و برەودان بە رەچاو کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بێ. پەروەردە و فێر کردن دەبێ لە خزمەت پەرەپێدانی لێك تێگەیشتنی باشتر و وێکهەڵکردن و دۆستایەتیی نێوان هەموو نەتەوەکان و گشت تاقم و گرووپە رەگەزی یا ئایینییەکاندا بێ و هەروەها یارمەتی بە پەرەپێدانی تێکۆشانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناوی پاراستنی ئاشتیدا بکا.

٣ . دایك و باب لە هەڵبژاردنی جۆری پەروەدە و فێرکردن بۆ منداڵانی خۆیاندا، مافی ئەوەیان هەیە لە پێشەوەی کەسانی دیکە بن.

**ماددەی ٢٧**

١ . هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە لە ژیانی فەرهەنگیی کۆمەڵدا بەشداری بکاو نەخشی هەبێ و لە هونەرەکان و بەتایبەتی پێشکەوتنی زانست و دەسکەوتەکانی کەڵك وەربگرێ.

٢ . هەر کەس مافی ئەوەی هەیە لە پشتیوانیی قازانجە ماددی و مەعنەوییەکانی بەرهەمە زانستی، ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆی کەڵك وەربگرێ.

**ماددەی ٢٨**

هەر کەس مافی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییدا، داواکاری پێکهێنانی سیستەمێکی ئەوتۆ بێ کە ماف و ئازادییەکانی گونجا و لەو بەیاننامەیەدا بە تەواوی دابین بکا و بەڕێوەیان ببا.

**ماددەی ٢٩**

١ . هەر تاکێك تەنیا لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا کە گەشەکردنی ئازادانە و هەموولایانەی ئەوی مسۆگەر کردوە، ئەرکی دەکەوێتە سەر شان.

٢ . هەر کەس لە بەر کار هێنانی مافەکان و کەڵکوەرگرتن لە ئازادییەکانی خۆیدا، تەنیا لە بەرامبەر ئەو لەمپەرە قانوونییانەدا ملکەچە کە بەمەبەستی بە رەسمی ناسین و رەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بە نیازی وەبەرچاو گرتنی پێداویستییە ئەخلاقییە دادپەروەرانەکان بە نیازی نەزمی گشتی و خێر و خۆشیی هەمووان لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکدا، پەسند کراون.

٣ . ئەو ماف و ئازادییانە لە هەرحالدا نابێ لەگەڵ ئامانجەکان و رێوشوێن و بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە دژایەتی دابن.

**ماددەی ٣٠**

هیچ یەك لە خاڵە پەسندکراوەکانی ئەم بەیاننامەیە نابێ بە جۆرێك لێکبدرێنەوە کە مافێکی ئەوتۆ بدەن بە دەوڵەتێك، کۆمەڵەیەك یا کەسێك کە بە کەڵکوەرگرتن لەو لێکدانەوەیە، بۆ لە نێو بردنی ماف و ئازادییەکانی گونجاو لەم بەیاننامەیەدا تێبکۆشن.

***

تولەرانس بریتییە لەو لێهاتووییە کە دژبە  توندوتیژی و توڕەیی و هەڵگیرساندنی نائارامی و لە نەهایەت شەڕ دا، رادەوەستێ. بەداخەوە کۆمەڵگایەکی وا کە سەد لە سەدی بەشدارنی، ئەو لێهاتووییەیان هەبێ هێشتا بوونی نییە. لە جیهان و بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا هەوڵ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ دەدرێ. بەداخەوە تەنانەت لە سەدەی ٢١ یشدا وڵات هەن کە هێشتا زیندانەکانیان پڕ لە مرۆڤی ئازادیخوازە و دیکتاتۆرەکان بە هەموو هێزیانەوە بەرگری لە ئازادبوونی مرۆڤ دەکەن و دەیانچەوسێننەوە. بەداخەوە لایەنی جیهانیی سیاسی تولەرانس بەهۆی بار و دۆخ و بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییانەوە، زۆرجار گوێی خۆیانی لێ دەخەوێنن و ماڤەکانی مرۆڤ ناپارێزن.

بە هیوای بە فەرمی ناسینی مافی مرۆڤ و کۆتایی هێنان بە توند و تیژی و شەڕ، لە لایەن هەموو وڵاتانی جیهانەوە و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختەوەری بۆ هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە.